www.kurdistannet.org
02/07/2003 18:44

# ئایا دەکرێ کوردەکان متمانە بە ئامریکا بکەن؟

س. ماکوان



ئایا دەکرێ کوردەکان متمانە بە ئامریکا بکەن ؟ ئەمە پرسیارێک بوو، ڕۆژنامەی ئێلێکترۆنیکی کوردستانێت لە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە کردبووی. پرسیارێکی بەجێیەو پێویستە ئیمڕۆکە هەموو کوردێک چ وەک تاک یان کۆڕ و کۆمەڵ و حیزبی سیاسی هەمان پرسیار لە خۆیان بکەن. لە بەر چی؟ چونکە چارەنووس و داهاتووی لانیکەم لە هەلومەرجی ئیمڕۆدا بەشێک لە خاکی کوردستان، باشووری کورستان، بە چۆنیەتی هەڵسوکەوت و تێڕامان لە نێوەرۆکی ئەو پرسیارەوە بەستراوەتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی واباوە دەگوترێ بۆ ئەوەی متمانە بە کەسێک یان لایەنێک یان هێز و دەولەتێک بکرێ، بەر لە هەر شت گرینگە کە یەکەم ڕابردووی دۆستایەتی یان دوژمنایەتی و دووهەم ئەو هۆکارانەی کە لە بتەوکردن یان کز کردنی ئەو متمانەکردنەدا نەخشیان هەیە، بخرێنە بەرچاو و بەووردی هەڵسەنگێندرێن. من بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارە لەو دوو پرینسیپە گرینگەی سەرەوە دەسپێدەکەم واتە یەکەم ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردووی پێوەندی کورد لە گەڵ ئامریکا و دووهەم هەڵسەنگاندنێکی بارووDۆخی ئێستایی پێوەندی نێوان کورد ئامریکا و بەرژەوەندییەکانی هەر دوولا.

با لە پێش هەموو شتێکدا بگوترێ کە هەتا ئێستا کورد، سەرەڕای ڕابردوویەکی دوور و درێژی پێوەندی دوولایەنە لە گەڵ ئامریکا، شەڕ یان تێهەڵچوونی دوژمنانەی نەبووە. نە ئامریکاییەک بە دەست کورد کوژراوە و نە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئامریکا لە لایەن کوردەوە خراونەتە ژێر مەترسی. ئەوە ئامریکایە کە لەم بارەیەوە ڕابردوویەکی خاوێنی نیەو مێژوویەکی ڕەشی بۆ خۆی تۆمار کردووە، لەم بارەشەوە بەڵگە زۆرن و ئەمانەی خوارەوە تەنیا چەند نموونەیەکن:

ـ یارمەتییە سیاسی و نیزامییەکانی ئامریکا بە شای ئێران لە ڕووخاندنی کۆماری کوردستاندا ڕۆڵی زۆر گرنگی گێڕاوەو ئەمەش لە کەس، بە تایبەت لەوانەی بیری مێژوویان کز نیەو بە ئەنقەست شت لە بیر نابەنەوە شاراوەنیە.

ـ بەکار بردنی کارتی کورد لە دژی عێراق و سۆڤیەت و پاشان پشت کردن و بەجێهێشتنی کورد لە ساڵەکانی ٧٠ دا لە لایەن ئامریکاوە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی تێکشکانی شۆڕشی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥ بوو. هەربۆیە کاتێک چەند ڕۆژ بەر لە فەوتی مەلا مستەفای بارزانی لێی دەپرسن، دەتوانی پێ لە گەورەترین هەڵەی خۆت بنێی، دەڵێ: گەورەترین هەڵەم پشت بەستن بە ئامریکا بوو

ـ ساڵی ١٩٨٤ ئامریکا پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ سەدام حوسێنی دیکتاتۆر وەک دووهەم بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان قایم کرد و دەستی سعودیە و وڵاتانی دیکەی عەرەبی ئاواڵا کرد کە ئەرتەشی سەدام لە دژی ئێران و کورد بەهێز بکەن. سەدام حوسێن مارسی ١٩٨٨ هەڵەبجەی بە کازی شیمیایی بومبباران کرد و زیاتر لە ٥ هەزار کوردی کوشت. ئەو دەمە سەدام حوسێن یەکێک لە دۆستەکانی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بوو. کاتێک هەواڵنێرێک بە ناوی "چارلس گلاس" ١٠ مانگ دوای ڕووداوی هەڵەبجە لە لایەن تەلەفزیۆنی ئەی بی سی سەبارت بەو تراژیدیایە پرسیاری لە وەزارەتی دەرووەی ئامریکا کرد، قسەکەری وەزارەتی دەرەوە حاشای لە ڕووداوی هەڵەبجە کرد و گوتی ئێمە ئاگامان لە هەواڵی وا نیە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧ دا ڕاپۆرتیان دابوو کە عێراق گازی شیمیای لە شەڕدا بەکار بردووە. ـ

ساڵی ١٩٩٠ کورد له باشوور ڕاده‌په‌ڕێ و پاش قوربانیه‌کی زۆر که‌رکووک له ده‌ست سه‌دام حوسێن ڕزگار ده‌کا، چه‌ند ڕۆژ دواتر ئامریکا و هاوپه‌یمانه‌کان پێشی ئه‌رته‌شی عێراق ئاوه‌ڵه ده‌که‌ن و به‌تایبه‌ت ئیجازه‌ی فڕین به هه‌لیکوپتره‌کانی سه‌دام ده‌درێ که ڕاپه‌ڕینه‌که‌ی کورد سه‌رکوت بکرێ و شاری که‌رکووک جارێکیتر بکه‌وێته‌وه ژێر ده‌ستی سه‌دام حوسێن.

ـ سه‌رکوت، نکۆڵی و به زۆر تواندنه‌وه‌ی کورد به ده‌ست تورکیای ئه‌ندامی ناتۆ و دۆستی هه‌ره نزیکی ئامریکا له ناوچه یه‌کێک له په‌ڵه شه‌رمه‌کانی سه‌ده‌ی بیسته‌مه به نێوچاوانی ڕۆژئاواوه. له کاتێکدا له ساڵه‌کانی نه‌وه‌د دا گه‌وره‌ترین یارمه‌تیه ماڵی و نیزامییه‌کان له لایه‌ن ئامریکاوه دران به تورکیه، ته‌نیا له نێوان ساڵه‌کانی ١٩٩٠ تا ١٩٩٤ یه‌ک میلیۆن کورد له گونده‌کانه‌وه به‌ره‌و دیاربه‌کر کۆچی زۆره‌ملیان پێکرا و ٢ میلیۆنی دیکه به‌ره‌و شاره‌کانی دیکه‌ی تورکیه ڕه‌وانه کران. ته‌نیا له نێوان ساڵه‌کانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤ دا ٣٢٠٠ کورد له لایه‌ن تورکیه‌وه کوژراون. به هه‌زران گوند کاول کراون و ژماره‌ی قوربانییه‌کان خۆی له ٤٠ هه‌زار که‌س نزیک ده‌کاته‌وه. کونسێپتی تێرۆریست که تورکیا له پڕوپاگه‌نده‌ی دژی کورددا به‌کاری ده‌با به هه‌مان شێوه‌ش له ئامریکا به له لیست خستنی پ که که هه‌مان چه‌ک له دژی کورد به‌کار ده‌برێ. به‌ڕێز ئۆجالان له لایه‌ن سیخوڕانی ئامریکاییه‌وه ده‌گیرێ و ته‌حویلی تورکیا ده‌درێ.

ئه‌مه کارنامه‌ی هه‌تا ئێستای نێوان کورد و ئامریکایه، بێجگه له پاراستنی به‌شێک له کورده‌کان له باشووری کورستان ــ هه‌ولێر، سلێمانی و ده‌هۆک ــ له لایه‌ن ئامریکاوه له دوای ساڵی ٩١ ئیتر ئامریکا مێژوویه‌کی ڕه‌شی هه‌یه له پێوه‌ندی له گه‌ڵ گه‌لی کوردا. که‌وایه به بڕوای من، ئه‌گه‌ر بیری مێژوویمان ژه‌نگی نه‌گرتبێ و کاراساته مێژوویه‌کانی کوردستانمان له بیر مابێ، ئه‌وه نابێ کورد باوه‌ڕ و متمانه به ئامریکا بکا.

له ماوه‌ی شه‌ڕ له دژی سه‌دام و دوای ڕۆخانی سه‌دامیش قۆناغێکی تازه‌ی پێوه‌ندی له نێوان ئامریکا و باشووری کوردستاندا ده‌ستپێکردووه. کورده‌کانی باشوور سه‌دله‌سه‌دا له لابردنی سه‌دامدا هاوکاری ئامریکایان کرد و ئێستاش چه‌ند قات ئه‌و هاوکارییه زیادی کردووه. له کاتێکدا له به‌شێکی زۆر له عێراقدا له ئامریکا وه‌ک هێزی داگیرکه‌ر ده‌نواڕندرێ و گولله‌یان پێوه ده‌نێردرێن، به‌ڵام له کوردستاندا مامه‌ڵه‌ی هێزی ڕزگاریده‌ریان له گه‌ڵ ده‌کرێ و ته‌نانه‌ت له لایه‌ن یه‌کیه‌تی و پارتیشه‌وه چه‌پکه گوڵیان له ناوه‌و ده‌ره‌وه‌ی کوردستان پێشکه‌ش ده‌کرێ. ئێستا پرسیار ئه‌وه‌یه که ئایا به‌م حاڵه‌شه‌وه نابێ متمانه به ئامریکا بکرێ؟ به بڕوای من نا، بۆچی، چونکه کوردگوته‌نی بێجگه له خۆت و هێز و توانایی خۆت نابێ بڕوا به که‌س بکرێ تا بگا به ئامریکایه‌ک که به‌رو پشتی بۆ که‌س نیه‌وه بێجگه له به‌رژه‌وه‌ندییه ئابوورییه‌کانی خۆی نه‌بێ وه‌ک مێژووی هه‌تا ئێستای ئامریکا نیشانی داوه، پابه‌ند به هیچ قه‌ول و به‌ڵێنێک نیه. ئێستا وای دابنێن که به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئامریکا له گه‌ڵ به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی کورد یه‌کده‌گرێته‌وه، ئه‌گه‌رچی کورد له‌م گه‌مه‌یه‌یه‌دا مۆریه‌کی بچووکه له به‌رانبه‌ر هێز و ده‌سته‌ڵاتی دیکه له ناوچه‌که. به‌ڵام به‌م حاڵه‌شه‌وه کورد بێجگه پشتبه‌ستن به خۆی و که‌ڵک وه‌رگرتن له ئامریکا ته‌نیا وه‌ک ئامرازێک هه‌ر وه‌ک چۆن ئامریکا کارتی کورد به کار دێنێ، هیچ ڕێگایه‌کی دیکه‌ی له به‌ر نیه و نابێ به ته‌مای ئامریکا هه‌تا قیامه‌ت ده‌ست له سه‌ر ده‌ست وه‌ک هه‌تا ئێستا یه‌کیه‌تی و پارتی کردوویانه، ڕاوه‌ستێ. ئه‌مه له خۆیدا خاڵێکی ئێجگار گرینگه چونکه ئه‌زموونی باشووری کوردستان له دوای ساڵی ١٩٩٠وه نیشانی داوه که به‌داخه‌وه له سایه‌ی سه‌ری پارتی و یه‌کیه‌تیه‌وه کورد باوه‌ڕی به خۆی نه‌ماوه‌و هه‌ر ده‌بێ له ده‌ره‌وه‌ڕا ئه‌ویش له لایه‌ن ئامریکاوه سیگناڵه‌کان بنێردرێن هه‌تاکوو کوردیش یان باشتره بڵێین یه‌کیه‌تی و پارتی جوڵه‌یه‌ک له خۆیان نیشان بده‌ن.

بێ باوه‌ڕی به‌خۆ بوون یان به پارتی و یه‌کیه‌تی نه‌بوون یه‌کێک له شوێنه‌واره هه‌ره خراپه‌کانه که شه‌ڕی ناوخۆیی یان نێوان یه‌کیه‌تی و پارتی له سه‌ر مرۆڤی کورد دایناوه. بۆ گه‌ڕانه‌وه‌ی باوه‌ڕبه‌خۆبوون و ده‌سپێکردنی قۆناغێکی نوێ له خه‌باتی باشووری کوردستان بۆ پێکه‌وه نانی ده‌سته‌ڵاتێکی خۆیی و دیمۆکراتی و بووژاندنه‌وه‌ی کۆڕ و کۆمه‌ڵی سیڤیل و ناپارلمانتاری پێویسته پارتی و یه‌کیه‌تی له‌وه‌ی که ده‌سته‌ڵات و سیاسه‌ت ته‌نیا ده‌بێ له مۆنۆپۆل و پاوانی ئه‌واندابێ ده‌ستهه‌ڵبگرن. پارلمانێکی دیکه، ئه‌وجار به بێ فڕ و فێڵی سه‌وز و زه‌رد ئاوا بکرێ له سونگه‌ی ئه‌وه‌وه حکوومه‌تێکی خۆیی نه‌ک ناوچه‌یی دابمه‌رزێ و بڕوا متمانه‌ی کورده‌کان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

پارتی و یه‌کیه‌تی به‌م قه‌واره ڕێکخستنی ئێستا که هه‌یانه و به‌و ملکه‌چکردنانه‌ی که هه‌تا ئێستا له به‌رانبه‌ر هێزی ده‌ره‌کی ئیتر چ سه‌دام، ئامریکا، تورکیا، ئێران یان سوریا نیشانیان داوه، گه‌وره‌ترین ڕێگرن له به‌رانبه‌ر دروست بوونی باوه‌ڕ و متمانه کردن به خۆ

لـه باشـووری کوردسـتاندا. مـن نالـێم دەبـێ ئەمانـه بـڕۆن هـەتا مـتمانه بەخۆبـوون درووست ببێ، بەڵام دەبێ ئاڵووگۆڕی سەرەکی له خـۆیاندا پێکبێـنن و لـه هەمـوو بوارێکدا ریفۆرم ئەنجام بدەن. کێشەی سەرەکی ئەوان بۆ خۆیانن، ئەگەر هاتوو رۆژێک ئەوان بۆ خۆیان گۆڕدران، ئەوە کۆمەڵگای کوردیش له باشووری کوردستاندا دەگۆردرێ، باوەڕ و متمانەی له دەستچوو جارێکی دیکه دەگەڕێتەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت